# شانۆگەری (بێ سنوور) لەنێوان پێوەندی دوێنێ و ئەمڕۆدا

**د.کەیفی ئەحمەد**
**(زانکۆی کۆیە – کۆلێژی زمان)**

هەر لەو کات و ساتەی مرۆڤ پێی ناوەتە سەر ڕووی ئەم گەردوونە، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەنێو تاکەکانیدا پێوەندی دروست کردووە، ئەم پێوەندییەش بۆ ئەوە بووە کە بتوانێ بەردەوامی بە ژیانی ڕۆژانە و مانەوەی لەسەر زەوی بدات، دوای ئەوەی کە ئەو مرۆڤە لە ڕووی ژمارەوە زیادی کردووە و بەسەر کونوقوژبنەکانی گەردووندا بڵاوبووەتەوە و گرووپ و کۆمەڵگە و نەتەوەکان دروست بوون، هەر بۆیە ئەو پێوەندییانەش بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە گۆڕاون، لە شێوەی سەرەتایی و سادە بۆ شێوەی ئاڵۆز و ئاڵۆزتر، چونکە هەر کات و سەردەم و ژینگە و شوێن و بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکی تازە و نوێ لەگەڵ ئەوەی دیکە، پێویستی بە جۆرێکی جیاواز لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە هەبووە و هەیە.

لەو ڕوانگەیەوە دەرهێنەری لاو لە کەرکووک (نەژاد نەجم) کاری کردووە و بەرهەمێکی جوانی شانۆیی بە ناوی (بێ سنوور)ی لێ دروست کردووە کە لە میانەی فیستڤاڵی چوارەمی شانۆی شەقامی نێو دەوڵەتی بەغداد، لە ڕۆژی ٢٠١٨/٤/٢٠ لە ناوچەی ئەبونەواس نمایشی کرد، ناوەرۆکی نمایشەکەی (نەژاد نەجم) باس لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لەنێو دوو زەمەنی جیاوازدا، ئەو پێوەندییانەش زۆر و زەوەندن، بەڵام دەرهێنەر زیاتر تیشکی خستووەتە سەر یەکێک لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە و لە سەری وەستاوە، وەک نموونەیەک بۆ گشت پێوەندییەکانی دیکە، وەک کورد دەڵێت: مشتێک نموونەی خەروارێکە، ئەو پێوەندییەی بووەتە جێگای باسوخواسی نمایشی (بێ سنوور)ی کەرکووک، پێوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری و چوونە پێش بۆ داواکاری و داخوازییەکە بەرانبەر دوو



**دیمەنێک لە شانۆیی «بێ سنوور»**

زەمەن و سەردەمی جیاواز دامانەنێت و بەراوردێکی جوان و پوختمان دەخاتە بەرچاو، زەمەنی یەکەم، کۆن، یان جارانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە لەو سەردەمەدا نەتەوەکەمان ژیانێکی سادە و ساکاریان گوزەراندووە، دوور لە هەموو ئامرازەکانی پێوەندیکردنی دەنگ و ڕەنگ و خوێنراو و نووسراو و ڕاگەیاندن و...تاد، تاکەکان بەشێوەیەکی زۆر سادە و ساکار و ئاسان توانیویانە ئەوەی لەنێو مێشک و دڵ و دەروونیاندا هەیە، بۆ بەرانبەرەکانیان بخەنەڕوو، جا لەڕێی ئامێرێکی سادە و سەرەتایی تەلەفۆن بوایە، یان دانیشتنێکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوودا، ئەوە دەیانتوانی هەموو شتێک بە یەکتری ڕابگەیەنن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک ئاڵۆزی و جەنجاڵی و پچڕان و ڕێگری لەو وتووێژانەدا دروست بکات، دەیانتوانی زۆر بە باشی لەیەکتری حاڵی بن و داواکاری و خواستەکانی یەکتر بۆ یەکدی باس بکەن، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ و سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە هاتە ئاراوە، هەموو بوارەکانی ژیان گۆڕان، یەکێک لەوانە هەر ئەو پێوەندییەیە کە لە زەمەنی پێشووتر لەسەری وەستاین، ئەویش پێوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری بوو، دیارە بەهۆی ئەو هەموو ئامرازە زۆرانەی پێوەندی کە ئەمڕۆ لە نێوماندا بوونیان هەیە، وەک تەلەفۆن و مۆبایل و ئینتەرنێت و فەیسبووک و ماسنجەر و وەتسئاپ و...تاد، هەروەها ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لە ڕاگەیاندن بە دەنگ و ڕەنگ و خوێنراو و نووسراو هاتوونەتە کایەوە، جەنجاڵییەکی زۆریان لەنێو مێشک و دڵ و دەروونی گشت تاکەکانی هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵی کوردەواریشەوە دروست کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی تاکەکان زۆر بەو جۆرە ئامرازانە سەرقاڵ بن، لە لایەک هەموو پێوەندییەکانیان لەڕێی ئەو ئامێرانەوە ڕایی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە بووەتە هۆی ڕووخان و لەنێوچوونی ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆ و ڕوحییەی خێزانی و کۆمەڵایەتی جاران، ئەمڕۆ پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و سەردان و بۆنەکان هەر لەڕێی ئەو ئامرازانەوە جێبەجێ دەکرێن، بە پێوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیریشەوە کە بەشێوەیەکی زۆر نادروست و دوور لە هەقیقەت و واقیع و ناسینی ناخ و خەسڵەتی ڕاستەقینەی یەکتر دروست دەبێت، ئەو پێوەندییە هەر وەک ئامرازەکە زۆر ئامێریی و ناواقیعی و نواندن ئامێزە، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ڕاستودروست بنیادنانرێ، بۆیەش زوو پایەکانی دەڕمێ و وێران دەبێت، هەروەها قسەی لەسەر زۆر خوو و ڕەوشتی دیکەی جوانی کوردەواری کردووە لە کۆندا، وەک هەڵسوکەوت و هەستان و دانیشتن و قسەکردن و ئاکار و ڕەوشتی تاکەکان، کە چەندە جوان و پەسند و ڕەسەن و هەڵقوڵاوی ناخی نەتەوەکەمان بوونە، دوور لە لاساییکردنەوەی خەڵک و کۆمەڵگە و نەتەوەی دیکە کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئێمەدا ناگونجێن، ئەوانەش دەبنە هۆی تێکدانی ئێستا و داهاتووی کولتوور و مێژووی جوانی نەتەوەکەمان.

دەرهێنەر بابەت و کێشەکی وای هەڵبژاردبوو، کە لەگەڵ ستایل و خەسڵەتی شانۆی شەقام بگونجێت، هەروەها زۆر وەستایانە و داهێنەرانە و سەردەمییانە، ئەو کێشە و ڕووداوانەی نێو دەقەکەی بۆ بینەر خستبووەڕوو، لەڕێی پەت و گوریسەوە بینەر و ئەکتەرەکانی لەیەکتر جیاکردبوونەوە، کە لە ساتی نمایشدا ئەو جیاکردنەوەیەی جێبەجێ کرد، نەک وەک جیاکردنەوەیەکی ئامادەکراو لەپێش نمایش ئامادەکاری بۆ کردبێت و ئەکتەر و بینەر بخاتە ئەم دیو و ئەو دیوی پەت و گوریسەکانەوە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو، کە کۆنترۆڵی بینەر و بەشداری کردنەکەی بکات، چ کاتێ بیەوێ بەشداری پێ بکات و چ کاتێکیش بیەوێت بەشدارییەکە ڕابگرێت و دووری بخاتەوە، بەو جیاکردنەوەیە توانیبووی ئەو بیانووە



**دیمەنێک لە شانۆیی «بێ سنوور»**

دروست بکات و شتێکی ئاسایی بێت، ئەو پێوەندییەی کە لە ڕێی خۆی و (بەڵێن فارس)ی ئەکتەر بە بەردەوامی جێبەجێ دەکران و زۆر بە جوانی و بە ڕێکوپێکی بەدرێژایی نمایش هاوسەنگی گەشەکردنی جۆری پێوەندیی لە سادە بۆ ئاڵۆز و ئاڵۆزتر و ئاڵۆزترین بڕۆن و گەشەبکەن بەرەو ترۆپک، تا ئەو ئاستەی هەر دوو ئەکتەری سەرەکی (هەوار فارس و هونەر شەوقی) دەخنکێن و دەگاتە بینەقاقا و پشتی کونە لووتیان، بینەر لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە هەناسەی سوار و تەنگەتاو دەبوو، هەستی بەو ئاڵۆزییە دەکرد، لایەنێکی دیکەی جوانی نمایشەکە دەنگە خۆش و گۆرانییەکانی نێو نمایشەکە بوون کە بە دەنگی ئەکتەر (بەڵێن فارس) پێشکەش دەکران و دەبوونە هاوکار و تەواوکەری بابەت و ڕووداوەکانی نێو نمایشەکە، چونکە دەرهێنەر لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی بەکاری نەهێنابوون، بەڵکو وەک پێویستی و حەوانەوەی دەروون و بەخشینی چێژ بەبینەر بەکاری هێنابوون، لە لایەنی ئێکسسوار و کەلوپەلی نمایشەوە، دەرهێنەر توانیبووی ئەو بوارە تێربکات و چەندان ئێکسسواراتی جۆراوجۆری بەکارهێنابوو کە هەموویان کار و ئەرکی خۆیان هەبوو و وەک پێویستییەکی نمایشەکە بوون و خزمەتیان بە ئەدای ئەکتەر و کات و شوێن و ڕووداو و فەزای نمایش و دیالۆگ و گۆڕانکارییەکان و...تاد دەکرد، شتێکی زیاد، یان زیادەڕۆییم بەرچاو نەکەوت، ئەمانە و چەندان ڕەهەند و لایەنی دیکەی پۆزەتیڤ لەو نمایشە بەدی دەکران، هەر بۆیەش بە باشترین دەرهێنان ئەژمار کرا و خەڵاتی باشترین دەرهێنانی پێ بەخشرا.

من لێرەدا تەنیا باسم لە لایەنە جوان و ئەرێنی و باشەکانی ئەو نمایشە کرد، لەبەر ئەوەی خەڵاتی باشترین دەرهێنانی پێ بەخشرا و من خودی خۆم لەگەڵ ئەو هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنەدا بووم و بە حەقی خۆیانیانم زانی، هەر بۆیەش هیچ ئاماژەیەکم بە لایەنە نەرێنییەکانی ئەو نمایشە نەکرد و لە جوانییەکانیم کەم نەکردەوە، ئەگینا وەک هەموو نمایشەکانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتووی هەموو هونەرمەندێک، لە لایەنی نەرێنی بێ بەش نەبووە.. لە کۆتاییدا پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە (تیپی شانۆی هەوار) و (نەژاد نەجم)ی دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی (هەوار فارس، هونەر شەوقی و بەڵێن فارس) و هونەرمەندی دێرینی شاری کەرکووک (عەبدوڵڵا کاکەیی) دەکەم کە مۆسیقای نمایشەکەی بە شێوەیەکی زۆر جوان ڕایی کردبوو ، هیوای بەرهەمی جوان و سەرکەوتنی گەورەتریان لە داهاتوودا بۆ دەخوازم.